# باران دەكەوێ
# وەك ئەوەی چاویلكەكەی ونكردبێ

عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا



باران وەک پیرێک چاویلکەکەی ونکردبێت
پەنجە دەکوتێ لە دنیا
نە ئاسمان دیارەو نە مرۆڤ
ئەوەی ئەمرۆ لە باران جێما
دوێنێ لە شەڕدا پەشیمانی فەتح دەکرد
دووبارە ژیان کورتی هێنا
کورتی هێنا پەیامی بێهودەی باران
دووبارە مرۆڤ بۆ ئەوەی تەنیایی بروخێنێ
دەچێتەوە جەنگ
ئەوە نازی گەورە بوونی سروشت نییە
باران وەک پیرێک چاویلکەکەی ونکردبێت
شاتمە دەکات لە گەڵا
مرۆڤ لێرەوە رێدەکات
ژیان لێرەوە دیار نییە
دەریا لە بێزاری هەڵدەگەڕێ
شەپۆل دەدا جەنگ
ئیتر هەموو دنیا لە ئاڵۆزی دادەگیرسێ
نە باران دیارە
نە ژیان
نە ژیان دیارە
نە مرۆڤ
شەڕ هەموو شتەکان دەکاتەوە
باران دەکەوێ
وەک ئەوەی چاویلکەکەی ونکردبێت
مرۆڤ دەکەوێت
لە شەڕدا خەو دەیباتەوە
دنیا لە هاتنی باران گەڵا گەڵا هەڵدەنیشێ
مرۆڤ اە تاو فەرامۆشی
بەرەو جەنگ دەگەڕێتەوە

**سڵاو.....**
**ئەی جەنگاوەر**
**بۆ ئەوەی یەکێک بناسم**
**بە چاویلکەی تەنیایی لاسایی نیشتیمان دەکەمەوە**
**بۆ ئەوەی باڵندەیەک باڵی پێکەنین لێکبدات**
**لقە ئاەێک دەخەمە ژیانەوە**
**بەر لەوە بە دڵتەنگی بنووسم جەنگ**
**حەز دەکەم دنیا بە باران بسپێرم**
**بە مرۆڤ بڵێم**
**نیگاری شۆڕش بکێشە**
**لە کاتی تەریقبوونەوە**
**ئیتر تەواو هەموو لە باران وندەبین**
**نە ئاسمان دیارە نە مرۆڤ**

**سڵاو.....**
**من شەڕ ناخوازم**
**بەڵام باران بە توندی هەناسە دەدات**
**وەک ئەوەی چاویلکەکەی نوێکردبێتەوە**
**دەچێتەوە سەر یەکەمین هێلانەی جەنگ**
**یەکەم پیتی نائومێدی**

**شپرزەیە باران**
**لە دڵۆپێک سەرگەردانی دەکا مرۆڤ**
**تۆش لە شەڕدا سەیری بێزاری خۆت بکە**
**لەوێ کە باران چاویلکەکەی ونکردووە**
**ژیان بخەرە دەریاوە**
**لەوێ ئەوەی بیابان دەینووسێ**
**تۆ وەک باخچە راڤەی بکە**
**لێرە ئەوەی دنیا بە بارانی دەکات**
**تۆ لە بیابان شەپۆل بیخوێنەوە**
**نە ئاسمان دیارە**
**نە ژیان**
**مرۆڤ بەو هەموو خەونەوە**
**بە دڵنیایی دەجەنگێ**
**تەنیایی**

باران بارن خەریکە بڵێ
مرۆڤ لەو هەموو جەنگەدا
نە کۆتای هەیە
نە ئاو
ئەوەی شەڕ بە مرۆڤی دەکات
باران کاڵی دەکاتەوە
نە ژیان دیارە
نە مرۆڤ
هەموو رستەکان دەبنە پەپولە
هەموو باڵندەکان دەچنەوە هێلانەی سەفەر
مرۆڤ بە تنبا رێدەکات
باران بە تەنیا دەبارێت
شەڕ لەو دیوو دەریا پەیامێک بۆخۆی دەچنێت
نە لە سیحر دەکات
نە لە گومان
هەموو شتەکان دەچنەوە سەر ریتمی سەفەر
هەموو دنیا لە تەنیایی قوڵپ دەدات
مرۆڤ دێتەوە
سیحری باران بە تاڵ دەبێت
مرۆڤ دێتەوە
دەچێتەوە جەنگ
مرۆڤ لە جەنگ خەو دەیباتەوە
لە بێزاری پیر دەبێت
لە تەنیایی وەک چاویلکەی باران دەشکێ
نە باران دیارە
نە ژیان
نە ژیان دیارە
نە مرۆڤ.

ئاداری 2003 هەولێر